سەرۆك وەزیران: درۆغی ناکەین لە گرتنەبەری هەموو ڕووشوێنێکی پێویست بە پاراستنی سەروەریمان

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، تەئکیدیکردەوە: حکومەت درۆغی ناکات لە گرتنەبەری هەموو ڕووشوێنێکی پێویست بە پاراستنی سەروەری وڵات.

سەرۆك وەزیران لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی بلومبەرگ، ڕایگەیاند: هیچ لایەنێك، چ دەرەکی بێت یان ناوخێیی، ناتوانێت مافەکانی حکومەتی عێراق و ئەی لە درێژکردنەوەی ئاسایشکەی بسەنێتەوە، و وتیشی: هەوەستی ئەمە ڕوونە، و درۆغی ناکەین لە گرتنەبەری هەموو ڕووشوێنێکی پێویست بە پاراستنی سەروەری خەمان.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا ڕایگەیاند: تا ئێستا هیچ کێشەیەك سەبارەت بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی عێراق نییە،و وتیشی: ڕووداوەکان لەم شوێنە هەستیاردا بەردەوامن، کە زیاتر لە 30%ی دابینکردنی وزەی جیهان پێکدەهێنێت.

ئاماژەی بەوەشکرد: بەدنیاییەوە بارودۆخی ئێستا هەم بە هەناردەکاران و هەم بە هاوردەکاران جێگەی نیگەرانییە، و هەشداریشدا کە درێژکردنەوەی ئەم شەڕە لە غەزە و کەناری ڕۆژئاوا دەبێتە هۆی فراوانبوونی بازنەی ململانێکان و ئەمەش ڕوویدا.

جەختیشیکردەوە: ئەمە کێشەمان لەگەڵ لایەنی تورکیا نییە، ئەوان ئامادەیی خۆیان نیشانداوە، بەڵام

کۆشە لەگەڵ کەمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان هەیە، و ڕوونیشیکردەوە: ناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر لە دەوری کێشەی تێچووی بەرهەمهێنانی بەرمیل دەسوڕێتەوە.

ئاماژەی بۆشکرد: عێراق ئێندامێکی کارای ئۆپیکە و ئێمە لە ئۆپیك لەگەڵی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنەوە بەیار دەدەین، و وتیشی: پلانی ئێمە ئەوەیە پشت بە غازە ببەستین، جا ئەو غازە پێیوەندی بە نەوتەوە بێت یان غازی سروشتی.

ڕونیشیکردەوە: پلانمان هەیە لەماوەی 5-3 ساڵدا بە دابینکردنی پێداویستییەکانی غاز و بگەینە قۆناغێك کە غاز نەسوتێنین، لە کۆتایشدا وتی: 4 ملیار دۆلارمان بە هاوردەکردنی غاز تێرخانکردووە، هەرکاتێك گەیشتنە ئاستی خەبژەوی، ئێم بە پارەیە بە پەڕژەکانی دیکە تێرخان دەکرێت.